# فیمینزم ئەو فریادڕەسەی پەرداخەکە پڕ دەکات.

کازیوە سالْح

## بەشی دووەم.

### ئاستی ژنی کورد لە سیاسەتی نوێدا .

بە بەراورد لە گەڵ ئەو ژنانەی لە خەباتی فیمینیستیدا باسمان کرد ئەوانەشی لە دەرەوەی خەباتی فیمینیستین وەکو رایس و ئۆلبرایت و تاتچر ، ژنی کورد لەبەرەی یەکەمیان نیە و هەتا ئێستا هزر و هۆشی خەباتی فیمینیستی لا نەوروژاوە ، بەڵکو تەنها وەکو بریکاری بیروبۆچوونی پیاو جیهانی پاتریاکی و وەکو بوژانەوەی(ئەو)ی باڵا کە هاوسەرەکەی یان براو کەسەکەی کە پیاوە  هاتووەتە نێو بوونی سیاسی و کەوتووەتە بەرەی دووەم.

، لە وولاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بە تایبەتی عێراق نەبێت لە هەموو پارچەکان زیاتر ژێر رکیف کەوتووی ئەو رژێمە ستەم کەرو دکتاتۆرە بووە، بەلاَم  کوردی ئەو دەڤەرە کەمتر لە ژێر کاریگەری قەبیلەکانی بیاباندا بوون، بەڵکو لە ژێر کاریگەری شاخ نشینەکاندا بوون، لەبەر ئەوە لە زۆر رووەوە ملمانێی رۆشنبیری جیاواز لەگەڵ ناوەڕاست و باکوری عێراق. لەم ڕووەشەوە ژن لە ململانێی بێ بەش نەبووە بەشدار بووە تێیدا. لەکاتێکدا ئافرەت لە ماوەی حوکمی عوسمانیدا ١٦٣٨-١٩١٧ تەنها وەکو ئامێری زاوزێ تەماشا دەکرا، وە لە ماوەی داگیر کردنی بەرتانیادا ١٩١٧-١٩٥٨ هەرچەندە رۆڵی ئافرەت گۆڕا بوو، لە ڕاپەرینە جەماوەریەکان دژ  بە بەریتانیا و شۆرشی بیستدا بەشداری کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا رۆڵی هیچ بەشدار بوونێکی وەکو هی پیاو نەهاتە ژماردن و لەرووی بەرهەم هێنانیشەوە وەکو توخمێکی مرۆیی ((عنصر البشری)) سەیری نەکراوە هەر ئەو نەخەملاندن و کەم تەرخەمییە وایکرد کە رەوتی کرداری دووفاقی لە ئافرەتدا فەراهەم بێت . ١٧

بەشدار نەبوونی مێینە لە بواری سیاسەت و بریارداندا کەلێنێکی زەق و حاشا هەڵنەگرە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وەکو ڕەگەزێکی  خولقێنەری مرۆڤایەتی سەیر ناکرێت، هەردەم ئەو مرۆڤە پارسەنگی دەداتەوە کە چەند تاوانی جینات و کرۆمۆسۆماتی دراوەتە پاڵ سروشتی، ئەم تاوانەش بەشێوەیەک پەردەی گوێی دەسمێت کە خۆشی باوەری و بەو کەم نرخاندن و ناتەواوی  وکەموکوریە کردوە کەدراوەتە  پالی.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت عەقڵی کورد لە سایەی نەبوونی کیان و کەسایەتێکی نەتەوەیی راستەقینە، هەمیشە بە رووکەش لە چەند و چون و بەرەو پێش چوون و گۆراندایە لە ناوەرۆکدا، لەرووی پەراکتیک کردنی تیورییەوە عەقڵیەتێکی وەستاو نەگۆرە و بۆ وەدست هێنانی خواستەکانی خۆی هەمیشە روو بە رووی شکست بووەتەوە.

بەو شێوەیەش دەبینن خەباتی سیاسی ژن بەرەو پوکانەوە دەچێت، ئەو شکستە لە بوارە جیاجیاکانی تریشدا بەرجەستە بووە لە هەمووشیان زیاتر لە بواری ئابووری و کۆمەلایەتیدا ، لە بواری رامیاریشدا بە تەواوی بووە بەمانشێتی چەند و چونەکانی رۆژانە و هیچی دی.

بۆ سەلماندنی ئەم چەمکەش با بگەرێینەوە بۆ رەهەندەکانی پێش بە دەسەڵات بوونی سیاسەتی کوردی، رۆڵی خودی سیاسەتی کوردی بەر لە دەسەڵات بوونی ئەو سیاسەتە (١٣-١٤) ساڵ بەر لە ئێستا ژنی پیرۆز دەکرد و خەباتی سیاسی ژن لە شاخدا و لە رێکخراوە نهێنیەکانی ناو شاردا هەر لە گواستنەوەی چوکلێتە نامەوە، هەتا ئەوانەی وەکو پێشمەرگە خەباتی سیاسیان تۆمار کردووە، هەر ئەو ژنە شارنشینەی کە دوای کەس و کاریان دەکەوت، وپاڵنەرێکی زیاتری لادێ نشیسنەکان بوون بۆ بە ئەنجام گەیاندنی هەندێ کارو باری سیاسی جگە لە خزمەت کردن بە گیانێکی لێبوردوانەوە. هەتا ئەو ژنانە لە بەندیخانەکاندا ئازار دەدران و (اغتیساب) دەکران و دوایش کۆمەڵگا دەیکردن بە قوربانی داب و نەریت، کەچی لە مێژووی چەند ساڵە پراکتیکی سیاسەت و دەسەلاتی کوردی ، سیاسەت بوو بە چەمکێکی هێندە تۆقێنەر جارێکی دی (بڤە .نە.) بۆ مێنە فەراهەم بێنێت.

ئەمەش تەنها بە رەچاو کردنی پەیرەو پرۆگرامەکانی لایەن و لایەنکاری و هەل و مەرجە دژوارەکانی سیاسەت نا، بەڵکو بە گەرانەوە بۆ بنەمای سیاسەتی کوردی و رەچاوکردنی ئەو دووفاقیەی کە زۆربەی سیاسەتمەداران تێدا دەژی، بەوەی کە لەوساتانەدا بانگهێشتی ئازادی و ماف و یەکسانیان و بۆ ژنان دەکرد، پەیرە و پرۆگرام وبانگ کردنیان بۆ ئامادەگی ژنان بوو لە رێکخستن و بوارەکانی سیاسەتدا،

بەڵام هەر زوو دووفاقی مەشیسمو ((Machismo)) یەت زاڵ بوو بەسەریاندا سەرەتا بەوەی ک رێگایان لە خێزان و خوشک و کچانی خۆیان دەگرت لە چوار چێوە و قاڵبی دوور لە سیاسەتیان دەدان یان رەوانەی هەندەران دەکران، قۆناغی دوای ئەوەش وون بوونیان بوو لەدەروازەکانی زایندە (الجنس) دەروونی خۆیان ئەوەی کە پیاوەتی لای پیاوی ناحاڵی بەرجەستە دەبێت، ئەمریکای لاتینی ناوی ناوە (سادو ماسوشی) ماسوشیەت و لەهەمان کاتیشدا سادیەت، بەڵام (برسیمان) زانای بە پیاوانی رۆشنبیری دۆراوی Men vanitg caltur ناوزەد کردوە، کۆمەڵناسی بە ئەم ناو لێنانەش بەهۆی ئەو نابەرامبەریەوە بوو کە لەئەمریکای ناوەراست و ئەمریکای باشوور لەسالانی ١٩٦٢ لەئارادا بوو، دەبوو پیاوانی سیاسەتی دیماگۆکی زیادەرۆیی لە کردارەکانیاندا بنوێنن وەکو (ماشو-machow) ، ئەگەر بیانویستایە ەرکەوتووبن لە هەڵبژاردنەکاندا ، ئەویش لەو شێوەیەدا خۆی دەبینی کە بەربادی سێکسی لەژیاندا گەورەترین کاریگەری هەبوو لەسەرهەڵبژاردن، بەوە دەهاتە ئاکام کەپیاوی سیاسی دڵخواز (عیشقە) یەکی شۆخ و شەنگ و دیاری هەبوایە بۆ ئەوەی لەقاوەخانەو ئاهەنگی شەوان تەنانەت لەو کۆنگرانەشدا کە حزبەکانیان دەیانبەست دەیانخستنە و روو بەمەش دەوترا جۆرێک لەدیماگۆکیەتی پەسەند.

ئەو پەسەندیەش لەوەوە بەرجەستە دەبوو کە ژیانی زیندەیی (جنسی) خۆیان بەسێ جۆر دابەش دەکرد، بەشێکی لەگەل سۆزانیەکاندا دەبردەسەر، لە پرۆگرامی سیاسیشیاندا بەردەوام هەوڵی ئەوەیان دەدا کە ئەم جۆرەیان لەچواردەوریان کۆ بێت ، جۆری دووەمیان سەرقاڵبوون بوو بەخۆشەویست یامەعشوقە رەسمیە کانیان و لەگەڵ ئەمانەشدا کەم تەرخەم نەبوون بەرامبەر بەژنەکانیان.
هەنوکە ئەم ئاکارە نیگەتیڤی یە سەرتاپای سیاسەتی کوردی داگیر کردوو سیاسەتمەداری کورد نەک هەر چەندین و مەعشوق و... هتد یان لەدەوری خۆیان کۆکردونەوە بەڵکو ئەوانەش پاش ماوەیەک زانیان دەست نادات تاوانێکی دەدرێتە پاڵ ، کەم نین ژمارەی ئەو ژنانەیَ بێ تاوان کوژران تاوانێکی کۆمەلایەتی بۆ دروست کرا ،ئەوانە بێ تاوان ئاوارە بوون و مەنفایان هەڵبژارد ،ئەوانە تووشی حاڵەتی دەروونی بوون ناوی نرا دەردی خودا ، ئەوانەی لە هەموو شتێک دوور کەوتنەوەو ناویان نرا بێ توانا ...تاد ، بەڵام لە بنەمادا تاوانیان تەنها مل نەدان بوو بۆ پیاوانی دەسەڵات وەکو ئەو تاوانانەی لەسەردەمی رژێمدا دەدرانە پاڵ ژنی کورد و کەس و کاری پێشمەرگە .واتە ئەو دیماگوکیەتەی سیاسەتی ئەمریکای ناوەراست لەساڵانی ٥٠-٦٠ گواسترایەوە نێو سیاسەتی کورد ئیدی کەسیش گوێی لەدەنگی زوڵاڵی ئەوان نەبوو بۆ بانگهێشت کردنی ژنان، ئەو هەڵەیە ئەمەریکا قەرەبۆکەیی قورس دا کوردیش پێدەچێت وایانزانیبێت ئەوە مانای ئەو دیموکراسێیە کە باسی دەکەن بۆیە بە هەمان شێوە قەرەبووی قورس تریان دا بە خەڵکی لێقەوماو بریندارى کورد .
پاش ئەو سەرزەنشتانەی لەو قۆناغەدا بوو بە خەڵاتی سیاسی کوردی ، مۆرکێکی نوێتریان هێنایە پێشەوە، دیارە ئەم قۆناغە یان ئەوە بوو کە دەبوو نوێنەرایەتی ژنان لە کۆمیتە حیزبیەکانەوە بگوێزرێنەوە بۆ پۆستە باڵاترەکان وەکو وەزارەتی بەرێوەبەری گشتی و ئەندامێتی بەرزتر لە کۆمیتەی حیزبەکاندا و نوێنەرایەتی حزب لە دام و دەزگاو دەرەوەی کوردستان ، ئەمەشیان بەو شێوەیە دابەشکرا کە چەند پۆستەکە بەرزتر بێت ژنێکی زیاتر نزیک خزم و کەس و کار و ژنی سیاسەتمەداران و دەسەڵاتی کوردی خۆی بۆ هەڵبژێرن و ئەوەشی بۆ ملهۆری دەسەڵاتێکی نا دیموکراسی گونجاو ترین سیاسەتە کە ژنی تێدا کوێلە بکەن کە تێدا ببێت بە ژنێکی گوێرایەڵ و بەڵێ کار بۆ سەرجەم گووتار و جیهانبینی پیاوان و پراکتیزەکاری سەرجەم میکرۆبە نامەعریفی کۆمەڵایەتیەکانی پیاوانی سیاسەتمەدار و بڵاوکردنەوەی ئەو میکرۆبە کوشندە بە نێو هۆش و عەقلی سەرجەم ژناندا لە رێگەی ئەو جۆرە نوێنەرانەوە بەو شێوەیە ژن فریای ئەوە ناکەوێت بیر لە هەوڵێکی مەعریفی و عەقلانی بکاتەوە، هەموو هەوڵێکیش لە دەرەوەی ئەو دوو فاکتەرەوە نەهلستێت و درۆی مێژووی پێشوازی لێ دەکات ئەوەش لەبەر بەرژەوەندی ئەو چینەی ئێستای سیاسی کوردیدایە ، چۆنکە:
ئەو ژنانە خێزان و خوشک و ژنی خۆیانن و بە فەرمانی ئەوان هاتوونەتە پێشەوەو و لە باشترین حالتدا بە خاتری هەبوونی ئەوان لە بواری سیاسیدا هەڵبژوێردراون بۆ ئەو پۆستەو توناو تێکۆشان و ئایدیاو مەعریفەیەکی خۆیانی لە پێشەوە نیە بۆیە هەر بەفەرمانی ئەوانیش دەگەرێنەوەو پراکتیکاری فەرمانەکانی ئەوانن. جگەلەوەی تاکی حیزبیدا لە ناو کۆمەڵی حیزبیدا کە بە سیاسەتی حیزبایەتی چەوت پەروەردەی فکری کراون خاوەنی باکگراوندێکی مەعریفی و مرۆیی و تەنانەت نەتەوەییش نین کە بتوانن ببن بە خاوەنی گوتاری ژنانە . وە سیاسەتی

کوردی و جیهانیش نەک هەر ژن بەڵکو هەموو مرۆڤ و تاکێکی خاوەن گوتاری مەعریفی لە ناودا جێگەی نابێتەوە چونکە لە بنەمادا گوتاری مەعریفی کە بۆ دەرکەوتنی حەقیقەت و جوانکردنی ناشیرینەکانە و گوتاری سیاسیش گوتاری درۆ و ناشیرین کردنی جوانیەکان بە شاردنەوەی حەقیقەتەکان کە من قەناعەتم وایە ژنان کەمتر دەتوانن لەو جیهانە درۆیە نزیک ببنەوە هەتا پیاوان کەمتر دەربارەی هونەری دووفاقیەت و درۆگەورەکانی ژێر کڵاوی سیاسەتمەداری تێناگەن هەر بۆیە ڕێژەی ژنانی سیاسەتمەدار و هەبوونیان لە سەنتەرەکانی بڕیاردان لە جیهاندا هێندە کەمە کە دەرکەوتنیان مایەی شەرمەزاریە بۆ جیهانی پاتریاکی سیاسی.

## فیمینزم ئەو فریادڕەسەی پەرداخەکە پڕ دەکات.

ئەو قەیرانەی ئەمڕۆ کۆمەڵی کوردی تێدا دەژی و لە میانەی گووتارە سیاسی وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکانی و شێوەی کۆنترۆڵکردنی دەسەلاتی تۆلیتاریدا وەدەردەکەون و لە ژیانی مرۆڤی کوردا وەردەگێڕدرێت ، لەوێشدا بەشی ژن کە لە نیوە زیاتری ئەو کۆمەڵە پێک دەهێنێت وەرگێڕانێکی لاواز دەبێت بە بەشی و سێ فاکتەری چەوساندنەوەی ئافرەت بە هەڵە تێدا وەرگێڕدراوە ئەوانیش پیاوسالاری ، جۆر و یاسایە ، هەتا ئەو وەرگێرانەش بە دروستی نەکرێت ڕاست نەکرێتەوە ژن ناگات بە ڕزگاری ، گەیاندنی ژنیش بە بارودۆخی دروست ،گەیاندنی سەرجەم کۆمەڵ دەگەیەنێت بە بارودۆخی دروست و سروشتی .بەڵام مەخابن نەک هەر ژنی کورد ، بەڵکو ئەوەی سەبارەت بە بارودۆخ و جێگە و شوێنی ژنان و بڕوابوونیان لە سەنتەرەکانی بڕیاردان و دادگا و پەرلەمان و پۆستە گشتییەکانی دیدا لە جیهاندا دەیانخەینە ڕوو لە بەشەکانی داهاتوودا، بەڵگەی نەوی بوونی ژنە بۆ ئاستی بێئۆمێدی ، بەڵام ژن لەبەر ئەوەی وەکو کاڵایەکی پڕۆپاگەندەی ڕاگەیاندنەکان زۆر بەکاری دەهێنن و بانگەشەی زۆر بۆ مافەکانی دەکەن و لە لایەکی دییەوە زۆربەی وڵاتان بە کوردیشەوە زیادەڕەوی دەکەن لە بانگەشەکاندا کە گوایە ژنی وولاتی ئەوان گەشتووە بە زۆربەی خواست و ئامانج و مافەکانیان و خەڵکانی دەوروبەری وولاتانی دی بە پڕۆپاگەندەی ماکیاژکراو چەواشە دەکەن ،بەڵام سەیر لەوەدایە کە ژن خۆشی باوەڕی بەو چەواشەکارییە کردووە و وا دەزانێت مافەکانی هەر ئەوەندەیە یاخود بە هەبوونی چەند ژنێک لە بوارە جیاوازەکاندا ئیتر توانیویتی ئامانج بپێکێت ، ئەو چەند ژنە دەتوانن پەلی ژنانی دی لە چاڵی نەهامەتیەکاندا ڕابکێشێن بەرەو دەرەوە، بەڵام ئەوە تەنیا خەیاڵێکی بێبەرهەمە و زۆربەی ئەوانە لە کاتێکدا توانای ژنانێکی خاوەن مەعریفە و گووتاری ژنانە ڕووی تێکردن ناتوانن خۆشیان ڕزگار بکەن، چونکە لە بنەمادا

خاوەنی ئەو هێز و توانا و گووتارە ژنانیانە نین کە متمانەی مانەوەیان پێ ببەخشێت .

لە بەر ئەوەی ژن لە گووتاری کوردیدا عەقڵێکی بێ بەرهەم و بوونەوەرێکی ئیستهلاکیە ،تەنها لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە عەقڵەوە دەتوانێت بگات بەو ناتەواویانەی کە لە باری بێدەنگی و ڕەخنە نەگرتندا نایدۆزێتەوە.ئەوەش کاتێک ژن پێی دەگات کە بگات هۆشیاری ڕەخنە گرتن و هۆشیاری بیرکردنەوەو بڕیاری سەربەخۆ نەک بڕیاری خوازراو و بیری خوازراو ، زۆرێک لە ژنان کە باسی مافی ژن و ئازادێکانی دەکەن یەک ووشەی زادەی بیری خۆی نیە و خوازراوە لە نوسراو و بڵاوکراوەکانی دییەوە وەریگرتووە ،یاخود دیارەکانیشمان کە قسە دەکەن دەڵێن " من خۆم وەکو ژنێک یاخو ئافرەتێک لە کۆمەڵدا و..." واتە یەکێک لە بوونە بێ بەرهەمەکان کە ئەو خەریکە لێی دەردەچێت بەرە وخۆ چەسپاندن بەڵام بە قسە دیاری دەکات کە ئەو هێشتا هەرئەو ژنەیە گووتارە کەلتورێکە یان نەتەوایەتێکە دەستنیشانی کردووە نەک مرۆڤایەتیکە . بۆیە پێم وایە پێویستە ئەو سیستم و ئایدیای باوەڕم پێی هەیە ناوم ناوە فیمینزمێکی جیاواز لەوەی لە جیهاندا هەبوو بخەینە سەر هاوکیشەیەکی زانستی دەروونی ئەو کات بە پێی ئەو هاوکێشەیە مرۆڤ بکەین بە دوو بەشەوە، بۆ ئەوەی وەڵامی پەرداخێک ئاوی نیوە بەتاڵی بدەنەوە ،بۆ ئەوەی کاتێک کچێکی کورد دەبینین لە کەناڵێکی جیهانیەوە دەڵێ من لیزبینم بە ناوی فیمنستیەوە ئەو حاڵەتە نەچێتە ناو کوردەوەو ببێت بە باو ، هەروەها ناکرێ مرۆڤی کورد لە ئاستێکدا بژی فکرێک کە سەدەیەک بە سەر بوونیدا تێپەڕیوە نەتوانێت بە لایدا تێپەڕێت بە بێ ئەوەی سڵاوی لێ بکات و بگات بە نێو کەلتووری بە بێ ئەوەی ڕاڤەیەکی هەبێت بۆ لایەنەکانی لە وانەش گرنگتر بۆ ئەوەی بۆ مرۆڤی بسەلمێنین کە ڕەخنە گرتن مایەی دروستکردن و بونیادنانی شتەکان و بە هێز کردنی تاک و کۆیە ،لەویشەوە ئەو دەرئەنجامە بکەین بە تیوری بەرجەستەکار وفەراهەم هێنی ئەو چەمکە زانستی وتیورە نوییەی دەمانەوێت ژنی کوردی لێ بێ بەش نەبێت و بە شێوەیەکی شیاو بە ئەو بخرێتە ڕوو .

ئەو دوو بەشەی مرۆڤیش بەم شێوەیە شیتەڵ دەکەین وەکو ئەوەی لە زانستی دەروونیدا هاتووە .

بەشی یەکەم : ئەو بەشەی کە دەڵێ نیوەی پەرداخەکە پڕە بە

Idealist Optimists ، ناوزەد دەکرێت ئەمانە
خواستەکانیان پەردەی باوەڕیان نادرێت و بەوەی
هەیە ڕازین و خواستی گۆڕانیان تێدا نیە .

بەشی دووەم : ئەوانەی دەڵێن نیوەی پەرداخەکە بەتاڵە لە زانستی دەروونیدا
بە
Critics / Pessimistic ناوزەد دەکرێن و ئەمانە خواستی
گۆڕانیان لە سەرو ئەوەوەیە کە لە ڕاستیدا هەیە و لە سەر زەوی واقع دەیبینن
، لایان وایە ئەوەی بەتاڵە پێویستە پڕ بکرێتەوە ، واتە ئەوەی خراپە چاک
بکرێت ،ئەوەی نەشیاوە شیاو بکرێت ، ئەمەش نەریتی مرۆڤی تەواوە ،
مرۆڤێک کە خاوەنی ئایدیای مەعریفی و نەریتی شارستانی و خواستی
فمینستی بێت چۆنکە لای من فمینیست دەچێتە نێو کۆمەڵەی دووەمەوە ،
ئەوانەی دەیانەوێ بە تاڵەکە پڕ بکەنەوە، خراپەکە چاک بکەنەوە.

چونکە ئافرەت هەتا سەرەتا شۆڕشێک لە ناخی خۆیدا نەکات ناتوانێت بگات بە حەقیقەتی شتەکان و ناوەڕۆک بەتاڵەکان ،بەشی بەتاڵی پەرداخەکەی ژیانی کاتێکیش دەگات بەو شۆڕشە دەگات بە فیکری فمینیستی ئەو فمینیستەی کە مەبەستمانە لە جیهانی کوردیدا سەرهەڵبدات و فمینیستێکی لە دەرەوەی هەڵە و نسکۆی فمینستەکانی جیهان، چۆنکە ژنی کورد ئەمڕۆ لە جیهانی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی و زانیاریدا دەژی. و گوناە دەکات ئەگەر ئەویش جارێکیدی بە نسکۆ و هەڵەو نەشیاویەکانی فمینیستی جیهان دووبارە بکاتەوە و لە هەڵەکانی ئەوان سوود وەرنەگرێت کە ئەمی فمینیستی کوردی ڕێگەیەکی ڕاست و دروستی فمینیستانەی نوێ بگرێتە بەر. خراپەکە چاک بکەنەوە.پێویستە سەرجەم لایەنە خراپەکانی ئایدیای فیمنستی تورهەڵدەینە دەرەوەی کەلتووری خۆمان ئەوەی وەربگرین خواستی ژنی کوردی تێدا دێتە دی ئەگەر فمینیزم هەڵەکانی نەبینێت ، لێیان نەکۆڵێتەوە و ڕەخنەیان لێ نەگرێت ناتوانێت لە دوای ئەو چارەسەرە دروستە بگەڕێت کە پەرداخەکەی پڕ بکات ، وە ئەگەر پڕی کرد ڤایروس و خڵتەی نیوە پڕەکە شادی نەکات.

## ژنان لە هەر کوێ بن پەرداخەکەیان بەتاڵە .

لەوانەیە هەندێک پێیان وابێت فیمنستەکانی جیهانی ڕۆژئاوا بێ خەوش بوون و ژنانی فیمنستی ئەوێ یان ژنانی ڕۆژئاوا بە گشتی گەشتوون بە خواستەکانیان ، لە کاتێکدا گەلێک گۆشەنیگای جیاواز هەیە دەکرێت لێوە بڕوانینە کێشەی ژنان، لەو ڕوانگەیەشەوە ئەو خەسڵەتە جیاوازەی دەدرێتە پاڵ دیاردەکانی ژنان چ بە ڕووی نیگەتیف یان پۆزیتڤ لە هەر دوو باریش دا کەس ناگات بە لێکدانەوەیەکی

قەناعەت پێهێنەر ، چونکە لە بنەمادا ئامادەبوونی دیاردەکە وەکو دیاردەیەکی زەق ئامادەبوونێکی سەرەکی‌یە ، ئەو ئامادەبوونەش دەبێت بە هۆی ورووژاندنی جۆرە پرسیار و ژێر پرسیار خستنێک .
لە وانەیە هەندێک پێی وابێت ژنانی ڕۆژئاوا توانیویانە بەشە بەتاڵەکەی پەرداخەکە پڕ بکاتەوە و گەشتوون بە مافەکانیان و سووکایەتی‌یان پێ ناکرێت، ناکوژرێن و جیاوازی‌یان ناکرێت. نەخێر ، ئەوە زایناری‌یەکی درووست نیە و هەتا ئێستا هیچ ئایدولۆژیایەکی گشتگیر و تاکڕەو هیچ جۆرە فکر و فەلسەفەیەک لە کۆمۆنیستەکان ، ئایینەکان ، مەزهەبەکان ، لیبرالی کۆن و نوێ ، کۆنەخوازەکان و مەسیحی‌یەکان ، ناسیونالیستەکان بانگەشەکانی مافی مرۆڤ و جیهانی بوون و شۆڕشی زانیاریش نەیتوانیوە سەرجەم مافەکانی ژن دەستەبەر بکات و چەوساندنەوەکانی لە بنەوە ڕیشەکێش بکات.
ئەوانەش پێیان وایە هەر یەک لەو ئایدۆلۆژیانە لە رۆژئاوادا چارەسەری کێشەی ژنی کردووە و ژنان ئازادن، ئەوە تووشی هەڵە و بگرە دەمارگرژیش بوون بەوەی هەندێ بەکار هێنانی کاڵایی ژن بە ئازادی بزانێت.

چۆن بەکار هێنانی کاڵایی بە ژنی رۆژئاوا؟!... بەو بەڵگەی ژنی ڕۆژئاوایی لە هەموو شت زیاتربوون بە کاڵای سەر سەرجەم شتە بەنرخ و بێنرخەکان ، لە فرۆشتنی گۆرەوی‌یەکەوە هەتا جلی ژێرەوە وسەرجەم بەکار هێنراوەکانی‌تر ژنان بێت یان پیاوان وێنەی ژنانی رووتی دەخرێتە سەر و بۆ سەرنج ڕاکێشانی کڕیار و فرۆشتنی شمەکەکان، بەدەیان نەشتەرگەری جوانی دەکەن بۆ ئەوەی کاڵایەکی سەرنجراکێش بن لەسەر ڕووی ڤیدیۆ و فۆتۆگراف و کاناڵە سێکسیەکان، وەکو ئامێرێکی سێکسی باندی بازرگانی گەورە بە ڕێوەیان بەرێت و هاوردە و بردە (استراد و تصدیر) دەکرێن لە نێو وولاتە جیاوازیەکاندا ئەوەش بە یاسای کۆمەڵی مەدەنی پەردەپۆش دەکرێت وزۆر جار مۆڵەتی یاسایش لە حکومەتە جیاوازەکانەوە وەردەگرن ، چونکە لێرەدا حکومەتیش سوود لە تاکسەکەیان وەردەگرێت ، کۆمەڵێکی زۆری ژنان هوشیاریان نەگەشتووە بەوەی کە جیاوازی نێوان کاڵابوون و مرۆڤ بوونی خۆیان بکەن، چونکە لە بنەمادا وولاتانی سەرمایەداری سەرجەم چەمکە فەلسەفی و مۆڕالیەکان لە بۆتەی سەرمایەدا تواندۆتەوە مرۆڤ تەنها وەکو کاڵا سەیر دەکەن، هەندێ جار ئابووری نالەبار و ژیانی سەختی ژنان پاڵی پێوە دەنێت ئەو کاڵا بوونەی لا پەسەند بێت ئەگەر هوشیاریشی مرۆڤایەتی و کاڵابوون لێک جودا بکاتەوە.

ژنی کورد تەنیا بە داڕشتنی یاسای یەکسانیخواز ڕزگاری نابێت، وولاتانی رۆژئاوا لە مێژە سەرجەم یاساکانیان خستۆتە خزمەت ژنان و زۆر تایبەتمەندی و

بژێویان بۆ ژن دابین کردووه ، بەڵام لەگەل ئەوەشدا نە یاسا و نە هاوکاری ئابووری‌یەکان نەیتوانیوه ژن لە کاڵابوون ، ژن لە کوشتن، ژن لە ئیختیساب کردن ڕزگار بکات.

ڕۆژانە لە دادگاکانی ڕۆژئاوادا کێشەی ژنی کوژراو هەیە بە دەستی مێردەکەی وەیان دۆستەکەی ، تەنها لە یەک خاڵدا ئەو کوشتنانە جیاوازی هەیە لە گەڵ کوشتنەکانی کوردستاندا ، ئەویش ئەوەیە لە کوردستاندا ژن بە بێ‌تاوان بە تاوانی شەرەف دەکوژرێت لە ڕۆژئاوا دا ژن بە بێ‌تاوان دەبێت بە قوربانی هاوڕێ و هاوسەرە تلیاک کێشەکەی ، یا خود داوای پارە پەیدا کردن و خۆفرۆشی لە ژنەکەی یا هاوڕێ کچەکەی کردووه...هتد. (ئەو نەخۆشیانەی ڕۆژئاوا بە پێی ڕۆژنامەکان بەو دوایی‌یە گەشتوونەتە کوردستانیش) . ئازادیەکانی ئەوروپا چونکە بە ناهوشیاری و بەر لە هوشیار بوونەوە بە ژن بەخشرا و پاڵنەرەکانی شەڕی جیهانی یەکەم و دووەم ، کۆمپانیان بازرگانیەکان هۆکاری سەرەکی بوون، بە لێشاو ژنانی لە کونجی ماڵەوە گواستەوە بۆ تیاترۆکان و سێکس فرۆشی ڕەسمیە. لە پەروەردە کردنی مناڵەوە گواستەوە بۆ پەروەردە کردن و پارە پەیدا کردنیش بۆ بژێوی پەروەردە کردنی مناڵەکە، گواستیەوە بۆ ڕێژەیەکی زۆری هەبوونی مناڵی نامەشروع و پەروەردەکردنی مناڵی بێ باوک. لە گەل ئەو هەموو پێشکەوتن و خواستانەی کە ژنانی رۆژئاوا پێی گەشتوون بەڵام کەم و کوڕیەکان و نیگەتیڤەکان زیاترە لە پۆزیتیڤەکان

ژنی کور کێشەی ئەوەی هەیە مناڵەکەی هیچ سیفەتێکی ئەو وەرناگرێت و بە ناوی ئەوەوە ناونووس ناکرێت، ژنی رۆژئاوا کێشەی ئەوەی هەیە مناڵەکەی بە ناوی کێ وە ناونووس بکرێت و لە کوێ باوکە نادیارەکەی بۆ بدۆزرێتەوە هەتا دەگاتە سەرجەم کێشەکانی دیش.

بۆیە ئێمە پێمان وایە ژن نە تەنها بە یاسای داسەپاو نە بە یەکسانی‌یەکانی پیشەو سیاسەت و دام و دەزگاکانی‌تر ناگات بە مافەکانی ، ناگات بەو ئامانجەی کە ئێمەی ئافرەت خەونی پێوە دەبینین هەتا شۆڕشی هوشیار کردنەوەی ژن و کۆمەڵ ڕوو نەدات . دیارە هوشیاری ژنیش بە هوشیاری کۆمەڵەوە بەندە ،بەڵام کاتێک سەرجەم ئاراستە سیاسی‌یەکان پێچەوانەی ئەو مەبەستە بێت ژن پێویستە لە ناو خۆیدا خۆی ڕێک بخات و هەنگاو بنێت بەرەو هوشیاری ، بەر لە هوشیار بوونەوەی ژن و یەکگرتنی لە ژێر دروشمی ژنانە و دەرچوونی لە ژێر چەتری حیزب و لایەنە شۆڤێنی و بەرژەوندخواستەکان ناتوانێت بگات بە هوشیاری.

ژنی کورد تەنیا بە ئایدیۆلۆژیایەکی گشتگیر کە لەدەوری ڕەگەزەکەی خۆی کۆ بێتەوەو خوێندنەوەی درووست و زانستی هەبێت بۆ کێشەکان دەتوانێت بگات بە چارەسەرێک کە خۆی لەو مەینەتی و بەشخوراوی ڕزگار بکات ، لە لایەکی دی

هەڵەکان و بانگەشە بڕیقەدارەکانی ڕۆژئاوا نەیخەڵەتێنێ کە هەڵەکانی ئەوان دووبارە کاتەوە. ژنی کورد پێویستە لە هەڵەکانی ئەوان و دەوربەر سوود وەربگرێت و ئەمڕۆی جیهانی تەکنۆلۆژی ڕاست و هەڵەکانی سەرجەم مرۆڤایەتی لە توێی پەڕاوێکی بچووکدا یا خود لە چوارچێوەی گوندێکی بچووکدا خستۆتە روو کە ناوی ئەنترنێتە، لەوێوە ژن دەتوانێت سوود لە خاڵە بە هێز و لاوازەکان وەرگرێت و نەهێڵێت هەڵەکانی مافی ژنانیش وەکو هەڵە سیاسی‌یەکانمان دووبارە ببنەوە، یان لایەنی کەم هەندە زۆر و زەق نەبێت کەچارەسەر کردنی وەکو ئێستای ڕۆژئاوا تاریک بێت و خۆیان لە پەیوەندییە بێ دیسپلینەکانی نێوان خۆیان بپارێزن.